# ژن و دەستور

## "هەموو بنەما ئەساسیەکانی ئەم دەستوورە دەگەڕیتەوە سەر ئاییینی ئیسلام. ئیسلامیش یانی ( یاسادانان بە پێی قورئان ) . قورئانیش جگە لە نابەرابەری و بی مافی وبی دەسەلاتی بۆ ژنان، هیچی تر بە دیاری ناهینی"

**گفت وگۆ لەگەل مریەم عەبدولارەحمان هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنان**

**خەسەرو سایە: هاوری مریەم رای ئیوە لەسەر رەشنووسی دەستور چیەیە؟ ئایا بەجیگیر بوونی ئەم رەشنوسە ماف و ئازادییەکانی ژنان لەعیراق و کوردستان دەستەبەر دەبی؟**

**مریەم عبدالرحمن:** پیش ئەوەی رای خۆم دەربڕم بەرامبەر ئەم رەشنووسە و دەنگ دان لەسەری. دەمەویٚ ئەوە بڵیم ،کە ئەو هەل و مەرجەسیاسی و کۆمەلاٚیەتی یەی خەڵکی عیراق بەگشتی رۆژانەتییدا دەژین ، لە ترس وتۆقاندن و تەقینەوەو نائەمنی و داگیرکاری ئەمەریکاو هاوپەیمانانی .بەبی لابردن ونەهیشتنی ئەم وەزعە نا ئاساییە ، خەڵك ناتوانیت قسە لە سەر دەستووریك بکات کە چارەنووسی ئیستای خەڵك و نەوەکانی داهاتووی پیوە بەند بیت و دەنگی بۆ بدات، هەر وەك سەرانی حکومەت دانیان بەم وەزعیەتەدا ناوە، جەعفەری دەڵیٚ ( تا ئیستا هیچ میللەت و وولاٚتیك لە زروفیکی ئاوا نا ئارام دەستووری دا نەرشتووە.بۆیە ئەم هەنگاوەش واتە(دەستوور) یەکیکە لە زنجیرە هەنگاوەکانی بەریوەچوونی سیناریۆی رەشی داگیرکاری عیرا ق لەلایەن ئەمەریکاوە .پاش هەنگاوی داگیرکردن بە ناوی( ئازاد کرنی خەڵکی عیرا ق لە دەست دیکتاتۆریەتی رژیمی بەعس) و مەجلیسی حوکم و هەڵبژاردنە گاڵتەجاریەکەی مانگی 1ی 2005 . ئەمانە شتیك نین جگە لە لە شەرعیەت دان بە بالاٚدەستی ئەمەریکا لە عیراق و سەپاندنی نەخشەو پیلانەکانی ئەمەریکا بە یارمەتی دەستەو تاقمە گوی لەمستەکانی ، کە پیکهاتوون لە گروپی مەزهەبی و قەومی و عەشایەری.

لە وەلاٚم بەبەشی دووەمی پرسیارەکەتان ، ئەوا زۆر ئاشکراو روونە، کە دەستووریك هەر لە یەکەم ووشەی دەست پیکردنیەوە، هەموو بنەما ئەساسیەکانی ئەم دەستوورە دەگیریتەوە سەر ئاییینی ئیسلام. ئیسلامیش یانی ( یاسادانان بە پێی قورئان) . قورئانیش جگە لە نابەرابەری و بی ماڤ وبی دەسەلاٚتی بۆ ژنان، هیچی تر بە دیاری ناهینی. کارکردن بەو یاسایە یانی ( بالاٚ دەستی پیاوان، چەند ژنە، بەقەدەر نیوەی بەشی پیاو لە میرات ، کوشتن و توندوتیژی بە دژی ژنان بە ناوی ناموس پەرستی ، حیجاب ...تادوایی) ئەمانە هەمووی قبوولٚ بکەن .نموونەش بۆ ئەو یاسایە و حکومەتەکانیان، ئەوەتا لەپەنا دەستمانن لە ( ئیران و عەرەبستانی سعودی ) وزۆریك لە وولاٚتانی ئیسلامی و عەرەبی و هەرئیستا بالاٚ دەستی تاقمە ئیسلامیەکان لە بەسرە ئەم نەهامتیەیان بۆژنان هیناوە. کوشتنی زیاتر لە 4000ژن بەناوی ناموس پەرستی یەوە لە دوای راپەرینی 1991 و پاوانکردنی کوردستان لە لایەن یەکیتی و پارتی و ریگەدان بە گروپە ئیسلامیەکان و ریگرتن لە بزووتنەوە پیشکەوتوخواز و سکۆلارەکان و پشتگوی خستنی مافە سەرەتایی یەکانی خەڵکی کوردستان . شاهید و وەلاٚمن بەو قسانە کە ئەم دەستوورە و ئامادەکەرانی ناتوانن ، ماف و ئازادیەکانی ژنان دەستە بەر بکەن.

**خەسرەوسایە: بەلام هاوری مریەم بەشیک لەبەندەکانی دەستور ئاماژەیە بۆ یەکسانی ژن و پیاو چاو لیکردنی هەمووان بەبی جیاوازی رەکەز ئیوە لەسەر ئەمە دەلین چی. بەتیابەتیش بەشیک لەریکخراوەکانی ژنان دەلین ئەم دەستورە مافی بەژنان داوە؟**

**مریەم عبدالرحمن:** من ئەمە بە "تاقچ" دەزانم ، لە کاتیکدا لە بەندی یەکەمی بنەماگشتیەکانی دەستوور لە ماددەی 2 برگەی 1 هاتوە( ئیسلام ئاییینی فۆرمی دەوڵەتەو سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە)، هەروەها لە برگەی أ ی هەمان ماددە هاتووە ( نابیت یاسایەك دابنریت لەگەلٚ حوکمەجیگیرەکانی ئیسلام تەبا نەبیت). ئیتر وەك دەڵێن"پشت و پاشی" لی گرتووین. بەکورتی دەڵین ئیسلام سەرچاوەی هەموو یاساکانە. منیش لە وەلاٚمی پرسیاری پیشوو بە دریژی ئەو نەهامەتی یانەم باس کردو نیشانمدا کە ئیسلام و یاساکەی، بەپی ی قورئان بۆ ژنانی دینن بە دیاری. ئەگەر ئایەتەکانی سوورەتی ( بقرە و نساو ...) سەیرکەین ، دەزانیین کە ئیسلام تاسەر ئیسقان دژایەتی لەگەلٚ مرۆڤایەتی و

مەدەنیەت بەگشتی و ژنان بەتایبەت هەیە. ئیتر ناکریت لە دەستووریکدا کەئایین بنەماو بناغەی بیت بۆ یاسادانان لە لایەك، وچاوەری ی چاکسازی و مەدەنیەتی لی بکریت لە هەمان کاتدا. ناکریت دوای زیاتر لە 1400سالٌ ، پاش ئەو هەموو پیشکەوتنە ئابووری و کۆمەلأیەتی وتەکنەلۆجییە، دووبارە بەهەمان پیوانە خەلْکی بخریتەوە ژیر دەستی ئەو یاسایانەوە.

ئەو ریکخراوانەش کە بەومافانە رازین کەلەم دەستوورە هاتووە . ئەوانە جگە لە نوینەری بەرژەوندی ئەو تاقم وگروپ وبزووتنەوانە ،هیچی تر نین ، کە بەشداریان لە دارشتنی ئەم دەستوورە کردووەو ، شەریکە بەشی ئەمەریکان لەو بەلأیەی کەبەسەر خەلْکی عیراق و کوردستانیان هیناوە لە کوشت و کوشتارو سەربرین و نا ئەمنی وبەدبەختی.نوینەری مافەکانی ئیمەی ژنان نین. ئەوانە قسەکەرو گویرایەلی ئەو لایەنانەن کە بەرژەوندیان لە مانەوەی وەزعی ئیستادایە بۆ وەرگرتنی نسبەتی هەرچی زیاترلە دەسەلأت و ئیماکانیات بۆ خۆیان لە عیراقی داهاتوو. بە نموونە ( نسرین بەرواری) کە ئیستا پۆستی وەزاری وەرگرتوە لە ( یەکیتی ئافرەتانی کوردستان )ە کە سەر بە (پارتی)یە و نوینەری ژنانی یەکی لە حیزبە گەورەکانی کوردستانە. رازی بوە بەوەی ببیتە ژنی دووەمی ( غازی الیاوەر) سەرۆکی کاتی پیشووی عیراق، چۆن دیت لە پەرلەمان یا لە حکومەت دژی چەند ژنە بوون دەوەستیتەوە ، کە بەپی ی یاسای ئیسلام ریگەی پیدراوە..

خەسەروسایە: لەبارەی دیاری کردنی بەشداری ریژەی٪20 ژنان لەپەرلماندا دەلینچی؟ ئایا دەکری ئەمە بەدانپیدانانی مافی بەشداری ژنان لەدەسەلاتدا بەحسا ب بیت؟

مریەم عبدالرحمن: من جاری ،لەگەلٌ ریژەو ژمارە دا نیم . ئەگەر ژمارەکە زیاتر یا کەمتریش بکریت..! چونکە دانانی ئەو ژمارەیە لە ریژەیەکدا بەمانای ئەوەیە کە بەرانبەرەکەت کە ( پیاوە ) ئەوەندەت پی رەوا دەبینی و پیت دەدات. ئەوە لەکاتیکدا کە مەسەلەی ژنان، مەسەلەیەکەو پیویستی بە چارەسەری ریشەیی هەیە لە کۆمەلْگا ودەبی مافی ئینسانی و هاوولأتی و جی و مەکانەتی سروشتی خۆی وەرگریت. هەر بۆیە ئیمە( ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق ) باس لە یەکسانی هەمەلایەنەی کۆمەلأیەتی و ئابووری و سیاسی و ....تاد .ژن وپیاو دەکەین. نامانەوی جیاوازی ئینسانەکان بکریت لەسەر ئەساسی ( توخم) و هەر شیوەیەکی تر .ئینجا ، ئەگەر قسە لە سەر ٪25 بکەین ، ئەوە بەمانای ئەوەیە کە ٪75ی کۆمەلْگا پیاوە. کە بە فیزیکی و سەرژمیریەکان راست نی یەو ریژەکە ٪60ە. کەوایە نوینەریشیان دەبی بە ٪60 دابنریت کە ( ئەمە لە روانگەی کەسیکی فیمینیستەوە دەب ). بەنموونە لە پەرلەمانی کوردستان وهەردوو حکومەتەکەشیان ( سلیمانی و هەولیر) وشانۆگەریەکانی مەجلیسی حوکم وپەرلەمانە موەقەتەکەی عیراقش بۆ بەرچاوی رای گشتی دنیا ٪25 ی ژنە. بەلأم پرسیار ئەوەیە وەك لەسەرەوە نموونەشم هینایەوە، تا چەند ە ئەو ژنانە پاریزەر و داواکاری مافەخوراوەکانی ژنانن؟ بۆیە بە پشت بەستن بەو میسۆدەی سەرەوە ناکریت ئەو نسبەتە بە حیساب بیت بۆ هینانە دی زەرەیەك لە مافی ژنان..! پاشان گرنگ نیە ئەو نسبەتە چەندە ،بەقەدەر ئەوەی ئەو رژیمە چەندە بەعەمەلی دیتە پای ماف و داواکاری یەکانی ژنان. تەجروبەی 13ساڵە لە کوردستان و 35ساڵی رژیمی بەعس و زیاتر لە 2ساڵی حوکمرانی ئەمەریکا و حکومەتە موەقەتەکەی عیراق تاقە هەنگاویکیان بە لای بەرژەوەندی ژنانەوە نەناوە.

بەرای ئیوە ژنان دەبی چ هەلویستیک لەرەشنوس بگرەنەبەر؟ بەتایبەتی لەدەرەوەی ولات دەبی چی بکری بۆ ئەوەی ژنان لە پرۆسەی داسەپاندنی دەستوردا ژیان ومافەکانیان نەبیتە قوربانییەک بۆکۆنەپەرستان؟

مریەم عبدالرحمن: ئیمە وەك هەلْسوراوانی مەیدانی بزووتنەوەی ئازادی خوازی ژنان لە دەرەوە و ناوەوەش، پیش مەرجمان ریکخراوبوون و کۆبوونەوەیە لە دەوری ریکخراوەئازادی خوازەکانی ژنان، لەوانە ( ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق). بۆ ئەوەی بتوانین یەك دەست و یەك دەنگ بۆ مافەکانی ژنان هەول بدەین. ریکخراوەکەمان ئەم کارانەی لە بەرنامەدا هەیە و بەری ی خستووە:

ئیدانە کردن و مقاتەعەی رەشنووسی دەستوور و نەچوون بۆسندووقی ( بەلْی ) یا ( نا). چونکە دەنگ دان بە( نا) بەمانای مانەوەی وەزعیەتی ئیستا وەکو خۆی . وە دەنگ دان بە (بەلْیٌ) بە مانای شەرعیەت دان بە بالأ دەستی ئەمەریکاو دەستەو تاقمە ئیسلامی (بەهەموو بالْەکانی یەوە) و قەومی یە عەرەبی و کوردی و عەشایەریەکانی گوی رایەلی ئەمەریکا ، کە هیچ نزیکایەتیەکیان نیە لەگەلٌ ئامانج و داخوازیەکانی خەلْکی عیرا ق بە گشتی و ژنانی بی بەش بەتایبەت.

ریکخستنی سمینار و کۆرو کۆبوونەوەی ژنان . بۆ زیاتر روونکردنەوەو ناساندنی مافەکانی ژنان و دەورو نەخشی واقعی ژنان لە بنیاتنانەوەی کۆمەلْگای عیراق و کوردستان. کە لە رەشنووسی دەستووردا ئاماژەی بۆ نەکراوە.

نووسین و قسەو باس کردن لە میدیا جیاجیاکانی ناوەخۆ و جیهانیدا و تیشك خستنە سەر وەلأم نەدانەوەی رەشنووسی دەستوور بە مافە رەواکانی ژنان لە ژیر سایەی دەستووریکی قەومی– ئیسلامی .

کۆکردنەوەی پشتیوانی کەسایەتی و ریکخراوە ئازادی خوازەکان و مرۆڤ دۆستەکانی دنیا بە گشتی و ژنان بە تایبەت. کە لەو مەیدانەدا تەجروبەمان هەیە. وەك ئەوەی لە مانگی پیشوو کۆبوونەوەی کەسایەتی و ریکخراوە ئازادی خوازەکان بەیەکەوە توانیمان حکومەتی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا بینینە ژیر بأیار دان دژ بە بەکارهینانی قانوونی ئیسلامی لە دادگاکانی ئەم وولآتە.

بەریخستنی نارەزایەتی جەماوەری لە شیوەی خۆپیشاندان لە بەر دەم ئۆفیسی ( UN) و سەفارەتەکانی ئەمەریکا لە وولآتە جۆراوجۆرەکان و ناوەوەی عیراق و کوردستان لە دژی ئەم دەستوورە کە دژایەتی هەیە لەگەڵ ماف و بەرژەوەندی یەکانی ژنان، هەر وەك ئەوەی لە دژی قەراری (137) مەجلیسی حوکم کرا.

لە کۆتاییدا دەڵیم بیدەنگیمان مانای رازیبوونمانە بە کۆیلەتی چەندان ساڵی دیکە ...!